**بۆ بەڕێز: جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی نووسینگەی بەریتانیای یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە**

## یاداشت نامە

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لەندەن ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو کارەساتە خۆیناویەی ڕۆژی 27-7-2006 کە بەرامبەر بە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە ئەنجام دراوە. لە کاتێکدا کە 700 کرێکار مانیانگرت و داوای خەرجکردنی حەوافز و دەرنەکردنی کرێکاران و گێڕانەوەی کرێکارە دەرکراوەکان و زیاد کردنی موچەیان خستۆتە بەردەم بەڕێوەبەری کارگە، پاسەوانەکانی (کومپانیای عەسکەر) لەژێر ناوی پاسەوانی کارگە دەکەونە تەقەکردن لەکرێکاران و سەر ئەنجامی ئەم تاوانە 13 کرێکار بریندار دەکەن.

ئێمە ئەم کارەساتە بە تاوانێکی گەورە دەزانین دەرهەق بەماف و داخوازیەکانی کرێکاران لەپێناو باشکردنی ژیان و گوزەرانیان. ئەمە تاوانێکی ئاشکرایەو دەبێ تاوان باران و ئەنجام دەرانی بدرێنە دادگای ئاشکرا و هاوکاتیش مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و ئازادی بیروڕا دەربڕین لە کوردستان جێگیر بکرێت و لە یاسادا بەڕەسمی بناسرێت.

ئێمە بە تەواوی تواناوە پشتیوانی لە داخوازیەکانی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە دەکەین و لەپێناو بەدیهینانی دەست بەجی و بێ قیدوشەرتی ئەو داواکاریانە تێدەکۆشێن:

1. *زیاد کردنی موچەی کریکاران کە بە بری 250 دولار داواکراوە .*
2. *سەرفکردنی حەوافزەکانی کرێکاران*
3. *دەرنەکردنی کرێکاران لەسەر کار*
4. *یەکیتی نیشتمانی دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بکات کە بەرامبەر بەکریکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە ئەنجام دراوە و تاوان باران، ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردوە بدرینە دادگای ئاشکرا.*
5. *ڕێوشوێنی تەندروستی گونجاو بۆ بریندارەکان بگیرێتە بەر و قەرەبوو بکرێنەوە*

**تۆڕی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی شورا و یەکێتیە کرێکاریەکانی عێراق\بریتانیا**
**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی**
**ڕێکخراوی** No Sweat
**کەمپینی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق**
**کۆنگرەی ئازادی عێراق \ نوێنەرایەتی بەریتانیا**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق \ ڕێکخراوی بەریتانیا**

---

تکایە لەبارەی وەڵامی یاداشتەکەوە پەیوەندی بکەن بە دەشتی جمال بە ژمارە تەلەفونی (07856032991 )، یان وپرشنگ ئەحمەد(07786403197) و کارین (07804891082 ) ،بە ئەدرەسی ( POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON)وئیمیلی (d.jamal@ntlworld.com)